## لە ساڵیادی کۆچی دوایی یەلماز گونای

# سێیەم فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای دهۆک ساز دەکرێت

**لە رۆژانی ٩-٩/١٦/ ٢٠١٢ یەکەم فیستیڤاڵی سینەمایی لە شاری دهۆك بە بەشداری چەندین وڵات لە ئەمریکا و ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا ئەنجام درا، سەرباری ژمارەیەك فیلمی کوردی، ئەمەش یەکەم فیستیڤاڵی فیلمی بەرز بوو لە شاری دهۆك و هەر لەو کاتەوە هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەوەی فیستیڤاڵەکە ساڵانە لە کاتی خۆی ئەنجام بدریَ، لە ساڵی ٢٠١٣ دووەم خولی فیستیڤاڵەکە ساز کرا بە شێوازێکی جیاوازتر، بەڵام بەهۆی بارودۆخی تایبەتی ساڵی ٢٠١٤ و شەڕی تەگریسی داعش نەتوانرا لە ساڵی ٢٠١٤ فیستیڤاڵەکە ئەنجام بدرێت. ئەم ساڵ سەرەڕای بارودۆخی کوردستان بڕیار وایە لە رۆژی ٩-٩-٢٠١٥ ـ ١٦-٠٩-٢٠١٥ سێیەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك بەڕێوەبچێت .**

لە سێیەم خولی فیستیڤاڵەکە کە رۆژی دەستپێکردنی هاوکاتە لەگەڵ کۆچی دوایی گەورە سینەماکاری کورد یەلماز گونای، ١٤٣ فیلمی باش بەشداری کردووە، کە ٩٩ فیلمی بیانی و ٤٤ فیلمی کوردیە، بەشداریی سینەمای فەرەنسی تایبەت دەبێت و چەند فیلمێکی بەناوبانگەکانی فەرەنسی نمایش دەکرێن،هەروەها بەشێکی فیستیڤاڵەکە ئەو فیلمە کۆنە بیانیانەی نمایشدەکرێت، کە لەسەر گەلی کورد دروستکراوە، پێموایە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان بڵاودەکرێتەوە».

پارێزگای دهۆك لە رووی مادییەوە پاڵپشتی فیستیڤاڵەکەی کردووە و بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری دهۆك سەرپەرشتیی فیستیڤاڵەکە دەکات و لە ئێستادا لیژنەی ئامادەکاری فیستیڤاڵەکە ئامادەکارییەکانیان تەواوبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارە فیستیڤاڵەکە لە هۆڵەکانی کۆنفرانسی دهۆك، سینەماکانی مازی مۆڵ پلاس لە رۆژانی ٩-٩-٢٠١٥ تاوەکو ١٦-٩-٢٠١٥ بەڕێوەبچێت.

ساڵی ٢٠١٢ بە بەشداریی ٤٢ وڵات و ١٧٠ فیلم لە هەموو جیهان، یەکەم خولی نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو، بەو جۆرەش دوای بەردەوامیدان بەم فیستیڤاڵە بۆ ماوەی ٣ ساڵ، ئێستا فیستیڤاڵی دهۆکی نێودەوڵەتی توانی ببێت بە ئەندامێکی پەسەندکراو لە (ئاسیا پاسیفیك سکرین ئەواردس APSA) و نوێنەرایەتیی عیراق بکات بۆ کاندید کردنی فیلمی درێژ و بەڵگە فیلم بۆ Asia Pacific Screen Awards کە بە گەورەترین نمایشی خەڵاتکردنی فیلم لە کیشوەری ئاسیا لە سەر ئاستی جیهانی و بە (ئۆسکاری ئاسیا) دەناسرێت.

فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دهۆك دوو بەشی سەرەکی تێدایە، بەشی سینەمای جیهانی و بەشی سینەمای کوردی، کە هەر یەك لەمانە کێبڕکێی تایبەتی هەیە بۆ فیلمی درێژ، بەڵگە فیلم، کورتە فیلم، هەر بەم پێیەش فیستیڤاڵی دهۆك، یەکەم فیستیڤاڵی کوردی بوو دەستپێشخەری لە دروستکردنی پێشبڕکێی بۆ فیلمی جیهانی بکات و باشترینیان خەڵاتبکات.

**فەرەنسا میوانی سەرەکی فیستیڤاڵە**

لە هەر خولێکدا وڵاتێك میوانی فیستیڤاڵەکە دەبێت، لە خولی یەکەم ٢٠١٢ سینەمای ئیتاڵی بە فیلمە بەناوبانگەکانی بووە میوانی فیستیڤاڵی دهۆك، خولی دووەمی ٢٠١٣ سینەمای ئەڵمانی میوانداری کرا، بڕیارە لەم خولەشدا بە کۆمەڵێك فیلمی کلاسیك و مۆدرێن، سینەمای فەرەنسی ببێتە میوانی دهۆك.

سەرەڕای هەبوونی بەشی کوردی و جیهانی و وڵاتی میوان کە فەرەنسایە، کۆمەڵێك فیلمی دیکە لە بەشی (نمایشی تایبەت) بەشداردەبن، کە کۆمەڵێك فیلمن لەبەر بابەت و مژارە تایبەت و دەگمەنەکانیان سەرنجیان دەخرێتە سەر، بۆ نموونە نمایشی تایبەت بۆ کۆمەڵێك لە فیلمی کوردی مێژوویی و کۆن بە ناوی بەشی ( لە ژێر سێبەری مێژوودا Kurdish Retropsective) کە کۆمەڵێکیان فیلمی کوردین و کۆمەڵێکیان لەسەر کورد دروستکراون، ساڵانی ١٩٢٠ هەتا




١٩٩٠، بـــۆ یەکەمجار لـــە جیهاندا نمایشـــدەکرێن. لەگەڵ بڵاوبوونـــەوەی پرۆگرامی فێســـتیڤاڵ نـــاو و ناوەڕۆکی ئەم فیلمانە دەخرێنەڕوو.

تێکڕای ژمـــارەی خەڵاتەکانی فێســـتیڤاڵی دهۆك دەگاتە (١٤) خەڵات بۆ هەردوو بەشـــی کوردی و جیهانی، کە (٤) یان خەڵاتی بەشـــی جیهانین و (١٠) خەڵاتی بەشی کوردین، تێکـــڕای پارەی تەرخانکراوی خەڵاتەکان دەگاتە (٧٩) هەزار دۆلار.

خەڵاتەکانی فێســـتیڤاڵی دهۆك بۆ پێشـــبڕکێی سینەمای جیهانی:

خەڵاتی یەڵماز گونەی بۆ باشترین فیلمی درێژ بڕی (١٠) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشترین دەرهێنەری گەنجی فیلمی درێژ بڕی (٥) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی ئەنستیتیوتی فەرەنسی بۆ باشترین بەڵگە فیلم بڕی (٥) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشترین کورتە فیلم بڕی (٥) هەزار دۆلارە.

خەڵاتەکانی فێســـتیڤاڵی دهۆك بۆ پێشـــبڕکێی سینەمای کوردی:

خەڵاتی باشترین فیلمی درێژ بڕی (١٠) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی ژوری فێستیڤاڵ بۆ باشترین دەرهێنەری فیلمی درێژ بڕی (٥) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشـــترین ســـیناریۆی کورتە فیلم بڕی (٤) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشـــترین ئەکتەری کوڕی فیلمـــی درێژ بڕی (٣) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشـــترین ئەکتەری کچی فیلمـــی درێژ بڕی (٣) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی باشترین بەڵگە فیلم بڕی (٥) هەزار دۆلارە.

خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی ســـینەمای دهۆك بۆ باشترین کورتە فیلمـــی کوردی بـــڕی (٨٥٠٠) دۆلارە بۆ پـــڕۆژەی تازەی دەرهێنەر.

خەڵاتی ژوری فێســـتیڤاڵ بۆ باشـــترین کورتـــە فیلم بڕی (١٥٠٠) دۆلارە.

خەڵاتی دیکە:

خەڵاتـــی پارێزگای دهۆك بۆ باشـــترین فیلمی درێژ کە لە دەڤەری بادینان دروستکراو بە بڕی (١٠) هەزار دۆلار.

خەڵاتی یەکێتی نووسەران بۆ باشترین فیلمی کوردی دیاسپۆرا بە بڕی (٤) هەزار دۆلارە.

**فیستیڤاڵەکە بە بیرەوەرییەکانی شەوکەت ئەمین دەکرێتەوە**

بڕیـــارە کاتژمێر ٦ بە فیلمی ڕۆژی کردنەوەی فێســـتیڤاڵی دهۆك ٩ – ٩ -٢٠١٥ لە هۆڵی کۆنگرەکانی زانکۆی دهۆك بێت، لە رۆژی کردنەوەی فیستیڤالەکە فیلمی (بیرەوەریی سەر بەرد) لە دەرهێنانی شـــەوکەت ئەمین کورکی نمایش دەکرێت، کە بەرهەمـــی بەڕێوەبەرایەتی هونەری ســـینەمای دهۆك و میتوس فیلمی ئەڵمانیایە دەست پێدەکات.

فیلمی (بیرەوەریی سەر بەرد) لە شاری دهۆك وێنەی گیراوە و چەندین ئەستێرەی سینەمای کوردی ڕۆڵی تێدا دەبینن.

هەروەها خاوەن چەندین خەڵاتی جیهانییە و لە هەموویان گرنگتر خەڵاتی یونیسکۆی ئاسیا پاسیفیکە لە ساڵی ٢٠١٤.

ڕێوڕەسمی فەرشی ســـور ڕۆژانە بۆ ئەم فیلمانە ساز دەکرێن لە هۆڵی کۆنگرەکانی زانکۆی دهۆك و گەورە ئەســـتێرەکانی ســـینەمای کوردی ئامادە دەبن و بینەرانیش دەتوانن لەو ڕێ ڕەسمانە دا ئامادە بن پێش بە نمایشکردنی فیلمەکان.

ئەو فیلمانەی بەشداری پێشبڕکێ دەبن ئەمانەن:

Memories on Stone | By Shawkat Amin Korki | Kurdistan، Germany
The Dance of Horses| By Sardar Khalil | Kurdistan
Farewell Analog| By Hiwa Amin Nejad | Iran
Mikael | By KordoDoski | UAE، USA، Kurdistan
Pako | By Walid M. Tahir | Kurdistan
Song of my Mother | By ErolMintas | Turkey
Letter To The King | By HishamZaman | Norway
Once Upon a Time | By Kazim Oz | Turkey
Come to my voice | By HuseynKarabey | Turkey



# تا خەڵات بە دەست نەهێنێت مێرد ناکات

خانمە ئەستێرەی بۆلیۆد کاترینا زۆر زیرەکە لەوەی هەر کاتێك بیەوێت بابەتێك دەورووژێنێت و ناوەندە هونەرییەکان و میدیاکانی جیهانیش بە هەواڵەکانی سەرقاڵ دەکات. بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە پێوەندیی راستەوخۆی بە ژیانی تاکەکەسی خۆیەوە هەیە، وەك هاوسەرگیری و جیابوونەوە، بەڵام لە کۆتاییشدا هیچ چارەسەرێك، یان وەڵامێکی یەکلاکەرەوە ناخاتە دەست جەماوەر و میدیاکانەوە.

بەم دواییە کاترینا بابەتی گەڕانەوەی بۆ رانبیر کاپۆری هاوسەری پێشووی وروژاندووە و پێوەندییان هەیە، لە میانەی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی تایبەت بە فیلمەی نوێیەکەی (Phantom) لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ژیانی هاوسەرێتیی خۆی، کاترینا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی جا رێکی دیکە باس لە بابەتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بکاتەوە، وتیشی: ئامادەم بچمەوە نێو ژیانی هاوسەرێتی دوای ئەوەی خەڵاتی نیشتمانی بەدەست دەهێنم. کاترینای تەمەنی ٣١ ساڵ زیاتر وتی: تەنانەت ئەگەر رانبیر*یش خەڵاتی نیشتمانی بەدەست بهێنێت، بەڵام خەڵاتەکە پێوەندیی بە منەوە نەبێت، ئەو کات یەکسەر پرۆسەی هاوسەرگیری رەت دەکەمەوە. کاترینا هەروەها وتی: دەمەوێ گرنگی زیاتر بە ژیانی پیشەییم بدەم، بۆیە هەوڵ دەدەم لە بواری کارکردنەوە سەقامگیر بم، بۆ ئەوەی بتوانم باشترین فیلم و باشترین رۆڵ پێشکەش بکەم.





# کیرا نایتلی پێشەنگی لە ئەنجلینا جولی وەرگرت

ماڵپەڕ «IMDb» ی کە تەنیا هەواڵی هونەرمەندان بەتایبەتی سینەماکاران بڵاودەکاتەوە و یەکێك لەو کارانەی کە گرنگییەکی زۆری پێدەدات، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی لیستێکی ساڵانەی جوانترین خانمە ئەکتەرەکانی ساڵ، کە بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەپێی ئەم ماڵپەڕە خانمە ئەکتەری بەریتانی کیرا نایتلی بوو.

دەرچوونی کیرا نایتلی وەك جوانترین ئافرەتی ساڵ زۆر سەیر نەبوو، بە قەد ئەوەی ئەمساڵ لیستەکە ناوی ئەنجلینا جولیی تێدا نەبوو، کە ئەمە بووە مایەی سەرسوڕمانی چاودێرانی هونەری، چونکە ناوی لە نێو لیستی (١٠٠) لە جوانترین ئافرەتانی ساڵیش نەبوو، لە ساڵانی پێشووتریش هەمیشە لە سێ یەکەمەکە بووە.

لە دوای کیرا نایتلی هەر یەکە لە نەتالی پۆرتمان، سکارلێت جۆهانسۆن، ئەدیل ئەکسار، تشو بۆلۆس لە پلەکانی دوو هەتا پێنج هاتن، پلەکانی دواتریش بەم شێوەیە بوون: دیانا کرۆگر، لاسی شابرت، جنیڤەر لۆرانس، جیسیکا ئەلبا، و ئۆلیڤیا ویلد و کیت پلانشێت.

# ساندرا بەرۆکی بۆ سۆزداری وێنەگرێکی گرتووە

ساندرا بۆلۆك لە نێو خانمە ئەستێرەکانی سینەمایی وا ناسراوە کە یەکێکە لەو ئەکتەرانەی خۆیان لە پەیوەندیی خۆشەویستی و قسە و پڕوپاگەندەی میدیاکان دووردەخەنەوە، بۆیەش کەمترین پڕوپاگەندەی دژی دەکرێت و یەکێکە لەوانەی لەلایەن میدیاکانەوە بە ئەکتەرە خۆشەویستەکە ناسراوە.
بەڵام سەرەڕای ئەمە چەند راپۆرتە هەواڵێك رایانگەیاندووە کە دوای ماوەیەك بێدەنگی و دووركەوتنەوە لە پەیوەندی خۆشەویستی، خانمە ئەستێرەی سینەمایی ساندرا بۆلۆك لە پەیوەندییەکی سۆزدارییدایە لەگەڵ وێنەگرێکی فۆتۆگرافی. تەنانەت ئاشکرایان کردووە کە ساندرا و برایەن ریندل لە چێشتخانەی گراسیا لە کەشوهەوایەکی رۆمانسیدا بینراون، هەروەها چەند وێنەیەکیان بڵاوکردەوە کاتێك لە ئۆتۆمبیلی ریندل-دا بوون و ساندرا لە شێوەی نمایشکارێکی جلوبەرگدا بوو، جگە لەمەش ریندل رۆلی لویسی کوڕە تەمەن پێنج ساڵییەکەی ساندرا دەبینێت.

ساندرا لە ساڵی ٢٠١٠ لە جیسی جایمسی هاوسەری جیا بۆوە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە ناپاکی خێزانی کردووە لەگەڵ میشێل ماکگی، لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی بە شێوەیەکی فەرمی نەبووە و هیچ پڕوپاگەندەیەکی دەربارەی بڵاو نەبۆتەوە، تا ئێستاش راپۆرتەکانی پشتڕاست و رەت نەکردۆتەوە.





*** هەستت چۆن بوو کاتێك مامۆستا دڵشاد تۆی هەڵبژارد بۆ بەشداری کردن لە سیمفۆنیای شنگال؟**

- کاتێك مامۆستایەکی مەزنی وەك دڵشاد محەمەد سەعید و شاعیرێکی گەورەی لە ئاستی ئەدیب چەلکی، داوام لێبکەن بەشداری لە کارێکی هونەری و پیرۆزی وەك سیمفۆنیای شنگال بکەم، بە راستی مایەی شانازی و سەربڵندی و لە هەمان کاتدا مایەی دڵخۆشیش بوو بۆ من، بۆ هەر ١٣ هونەرمەندە بەرێز و قەدرگرانە بەشداربووەکەی هەردوو سیمفۆنیای (شنگال و پێشمەرگە) خەون بوو کە لە کارێکی گەورەی لەم شێوەیە و لەگەڵ دوو مامۆستایە گەورەیەدا بەشدای بکەین.

من وەك کچە کورد و هونەرمەندێکی رۆژئاوای کوردستان، سەربەرزم بەوە بە دەنگ و کەسایەتیی خۆم نوێنەرایەتی بەشی رۆژئاوای کوردستانم کردووە لە هەردوو سیمفۆنیای (پێشمەرگە و شنگال).

*** مامۆستا دڵشاد هەردوو کاری (پێشمەرگە وشەنگال) بە گەورەترین کاری ژیانی هونەری خۆی دەزانێت، تۆ وەك نارین فەقێ چی دەڵێی؟**

- جێگای دڵخۆشییە کە دوای بێدەنگییەکی زۆر لە کاری هونەری بەتایبەتی بۆ جەماوەری کوردستان، دەبینین لە بارودۆخێکی وا سەخت کە کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت، دوو کاری و مەزن بۆ پێشمەرگە و شنگال پێشکەش بکات، مامۆستا دڵشاد ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری بەو کارانەوە بینی، پرۆژەی شنگال دەمێك بوو بەرنامەی بۆ دانرابوو بەر لەوەی ئەم شارە بکەوێتە دەست داعش، دوای داگیرکردنی شنگال و ئێستا کە گوێ لە سیمفۆنیاکە دەگری، هەست دەکەی کە ئەم سیمفۆنیایە دوای کەوتنی شنگال ئامادە و تۆمار کراوە.

*** پێشوازی خەڵك لە کارەکە چۆن دەبینی؟**

- پێشوازییەکی زۆر گەرم بوو بەتایبەتی لە شاری دهۆك لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوو، خەڵکی ئاسایی، رۆشنبیر و سیاسەتمەدار و تەنانەت جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازییەکی گەرمییان لێکرد، مایەی دڵخۆشییە کە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکان وەك جەماوەر ئامادە بن.

وەك هەموو لایەك ئاگادارن لە چەند رۆژێکدا ئێمە لە سلێمانی



## نارین فەقێ:

# ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر کورد پێویستیی بە یەکگرتن هەیە

**نارین فەقێ خەڵکی شاری دێرکا حەمکۆیە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کچی هونەرمەند (جودی)یە و ماوەی چەند ساڵێکە لە سوید نیشتەجێیە و بەردەوامە لە پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری، تا ئێستاش چەند ئەلبومێکی بڵاوکردۆتەوە و جگە لە کرمانجی بە سۆرانیش گۆرانی وتووە. یەکێك لە هونەرمەندە بەشداربووکانی سیمفۆنیای شنگالە کە لەلایەن مامۆستا دڵشاد محەمەد سەعیدەوە ئامادە کراوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان سەبارەت بەم بەرهەمە نیشتمانییە ئاراستەی کرد.**

و هەولێر و دهۆك نمایشەکانمان دەستپێکرد، پێشوازی جەماوەر لە ئاستێکی باشـــدا بوو، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە لوتکەی پێشوازی کردنی جەماوەر لەم دوو سیمفۆنییە لە شاری دهۆك بوو.

*** کەواتە سیمفۆنیای شنگال چ ئیزافەیەکی لەسەر کاروانی هونەری تۆ هەبوو؟**

-دیـــارە ئەمە جاری یەکەمە لە مێـــژووی هونەری کوردیدا بەرهەمێکی ســـیمفۆنیا بەو شـــێوەیە ئامـــادە بکرێت و لە شێوەی ڤیدیۆ کلیپ و بەرهەم بڵاوبکرێتەوە بە بەشداری ١٣ هونەرمەندی ناسراوی هەموو پارچەکانی کوردستان. هیوادارم ئەمە جاری یەکەم وکۆتایی نەبێت، چونکە هونەری کوردی پێویســـتی بە ستایلی کلاسیکی و ســـیمفۆنیا هەیە. لێرەدا پێویســـتە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر هەوڵ و کۆششەکانی تـــۆڕی میدیایی ڕووداو و خودی کاك ئاکۆ نەبوایە ئەم دوو بەرهەمە گەورەیە تەواو نەدەبوون.

*** ١٣ هونەرمەند بەشـــداربوون، پێتوانییە ئەم ژمارەیە کەمە و ئەگەر ژمارەی هونەرمەندان زیاتر بوایە ئایا کارەکە باشتر نەدەبوو؟**

- بە تێڕوانینی من نەخێر، ئەو هونەرمەندانەی بەشدار بوون لە هەر چوار پارچەکەی کوردســـتان بوون، تێکستی سروودەکان، شـــوێنی خوێندنەوەیان تەقەبولی ئەوەی نەدەکرد کە ژمارەی هونەرمەندان زیاتر بێت.

*** وەك هونەرمەندێکی کوردســـتانی کە بەشداری ئەم کارە نیشتیمانییە گەورەت کردووە، پەیامت چییە؟**

- هەمیشـــە وتوومانە و هەر دەیڵێین و دووبارەی دەکەینەوە، دوژمنانی کورد ئێمەیان پارچە پارچە کرد بۆ ئەوەی بە هەموو شێوەیەك ڕێگر بن لە یەکبوون و یەکگرتنی ئێمە، چونکە باش دەزانـــن ئێمەی کورد تەنیا بـــە یەکگرتوویی و بە پتەوبوونی ڕیزەکانمـــان بەرامبەر بە دوژمنان دەتوانین ســـەرکەوین و بە ئاواتەکانمان بگەین، بۆیە یەکگرتن و یەکڕیزی نەتەوەکەمان ئاواتی هەموو کوردێك و ئێستا لە هەر کاتێك زیاتر پێویستە، هەروەهـــا ناکۆکی و دووبەرەکـــی خەونەکانمان بەتاڵ دەکات و دڵی دوژمنانمان خۆش دەکات، بۆیە دەڵێم ئێســـتا لە هەر کاتێك زیاتر یەك دەســـتی و یەك بڕیاری کورد پێویســـتە بۆ ئەوەی دڵی خۆمان و دۆســـتەکانمان خۆش بکەین و خەونی دوژمنانمان لە گۆڕ نێین.